مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

# أسلوب تعليم المتعلمين بعضهم بعضًا بين علماء المسلمين في الحضارة الإسلامية خلال العصور الوسطى

م. شمال محمد وسمان
shamalmohammed198@gmail.com
المديرية العامة للتعليم في رابرين، قسم التدريب والتطوير التربوي
م.م. حمەساڵح حسن خضر
hamasalh.hassan@uor.edu.krd
جامعة رابرين، كلية العلوم الإنسانية، قسم التاريخ

**الكلمات المفتاحية**: الحضارة الإسلامية، التربية والتعليم، طرق التدريس، طرق تعليم بعضنا البعض.

**كيفية اقتباس البحث**
وسمان , شمال محمد , حمەساڵح حسن خضر , أسلوب تعليم المتعلمين بعضهم بعضًا بين علماء المسلمين في الحضارة الإسلامية خلال العصور الوسطى,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# أسلوب تعليم المتعلمين بعضهم بعضًا بين علماء المسلمين في الحضارة الإسلامية خلال العصور الوسطى

# The method of teaching each other learners among Muslim scholars in Islamic civilization in the Middle Ages

Shamal Mohammed Wsman
Raparin General Directorate of Education
shamalmohammed198@gmail.com

Hamasalih Hassan Khdhir
hamasalh.hassan@uor.edu.krd
University of Raparin, Faculty of Humanities, Department of History

**Keywords** : Islamic civilization ،teaching and education, methods of teaching and learning from one another.

**How To Cite This Article**
Wsman , Shamal Mohammed , Hamasalih Hassan Khdhir, The method of teaching each other learners among Muslim scholars in Islamic civilization in the Middle Ages ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

The methods of teaching seems to be one of the most important factor of education and learning. It has a great impact on elevating the process of learning for the learners. There are many types of teaching methods, among them there are some in which students and teachers finds easy and more effective throughout the learning process. In fact, it makes the educators teach easily and effectively and the learns will also find it easy to adapt the learning environment. The way to learn one another is in the way of teaching ،which is a great influence on the learning of learners ،so the modern era has been given great importance by scientists ،students and educators of different civilizations ،and one of the civilizations that has been given importance in this way. It was an Islamic civilization in

the Middle East. The educators and teachers throughout the history of Islam in which dates back to the period of prophets Mohammed (peace be upon him) has always given a great portion of time for education and teaching knowledge, this has clearly mentioned in the written books. They have motivated the learners to learn and pass the learning to others. In factual sense, Muslim scholars dealt with this in an educational setting rather than only passing information .

ملخص

تعد طرائق التدريس احدى أهم عوامل النهوض و دفع جودة التربية و التعليم، ولها أثر في رفع و تحسين مستوى تعليم المتعلمين، وطرائق التدريس كثيرة ومتنوعة، جزء منهم تعمل على تسهيل كلا من المعلم والمتعلم من حين التعليم والتعلم، من حيث التعليم تعمل على تسهيل عمل المعلم، و من حيث التعلم تحمل على اسهال هضم و استيعاب المواضيع من قبل المتعلمين، وطرائق التعلم من قيل المتعلمين (طرق تعليم بعضنا البعض) احدى طرق أخرى هي عبارة عن تلك الطرق التي لها اثر كبير على المتعلمين, لذا نرى منذ عصور قديمة يهتم بها مربي و معلمي العصور و الحضارات المختلفة وقد اهتموا بها اهتماما كثيرا, و احدى هذه الحضارات التي بها كثيرا هي الحضارة الإسلامية في العصور الوسطى. وقد اعتبرها المعلمون والمربون في هذه الفترة التاريخية منذ عهد النبي (ص) و فيما بعد طريقة جيدة للتعليم والتدريس وأكدوا عليها في مؤلفاتهم وكتبهم وشجعوا الطلاب على ذلك. وفي الواقع، لم تكن هذه عند علماء المسلمين طريقة لنقل المعلومات فحسب، بل كانت أيضًا طريقة مهمة للتربية و تعليم الأخلاق الحميدة و تصحيح العيوب. لإعداد هذا البحث، استُخدمت مصادر أصلية وجديدة عديدة، من بينها مصادر أصلية، بالإضافة إلى بعض الكتب المتعلقة بأحاديث النبي صلى الله عليه وسلم، مثل صحيح مسلم وصحيح البخاري وغيرهما. كما استُخدمت مصادر أصلية أخرى، مثل كتاب "أدب العالم والدين" للماوردي (ت. ٤٥٠ هـ/١٠٥٨ م) وكتابه "إحياء العلوم الدينية" للغزالي (ت. ٥٠٥ هـ/١١١١ م) وكتاب النووي (ت. ٦٧٦ هـ/١٢٧٧ م)، وغيرها الكثير. كما استُخدم في هذا الكتاب كتاب "أساليب التدريس من الروضة إلى الجامعة" لفائق سعيد، والذي أصبح الآن مرجعًا ومنهجًا لمعلمي وزارة التربية والتعليم في مجال أساليب التدريس. كما استُخدمت أيضًا في كتاب "أساليب التدريس" لهدى أمين رمضان، وغيرها الكثير.

# میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان لەلای زانایانی مسوڵمان لەنێو شارستانییەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

م. شمال محمد وسمان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕاپەڕین، بەشی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پەروەردەیی
shamalmohammed198@gmail.com
م.ی. حمەساڵح حسن خضر
hamasalh.hassan@uor.edu.krd
زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو

پوختە

میتۆدەکانی وانەوتنەوە بەیەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی بەرەو پێشبردنی رەوشی پەروەردە و فێرکردن دائەندرێن، کاریگەرییان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی فێرخوازان هەیە، ئەم میتۆدانەش زۆر و جۆراوجۆرن، بەشێك لەوانە لە رووی فێرکردن و فێربوونەوە هەم کارئاسانی بۆ مامۆستایان هەم بۆ فێرخوازانیش ئەکەن، لە رووی فێرکردنەوە ئەرکی مامۆستا ئاسانتر ئەکەن و لە رووی فێربوونیشەوە ئەبنە هۆکاری ئاسان وەرگرتنی زانست و بابەتەکان لەلایەن فێرخوازانەوە، میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان لەو میتۆدانەی وانەوتنەوەیە کاریگەرییەکەی لەسەر فێربوونی فێرخوازان گەورەیە، هەربۆیەشە بەدرێژایی سەردەمەکان و لە لایەن زانایان و فێرکاران و پەروەردەکارانی شارستانییەتە جیاوازەکان گرنگی زۆری پێدراوە، یەکێکیش لەو شارستانییەتەی گرنگی بەم میتۆدەی وانەوتنەوەیە داوە، بریتی بوو لە شارستانییەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، فێرکاران و پەروەردەکارانی ئەو ماوە مێژووییە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ص) و دواتریش بە میتۆدێکی باشی پەروەردە و فێرکردنیان داناوە، لەنوسین و پەرتووکەکانیاندا جەختییان لەسەر کردووەتەوە و هانی فێرخوازانیانداوە تاوەکو لە گەیاندنی زانیاری بە هاوڕێکانیان سوودی لێ ببینن، لە راستیدا لە لایەن زانایانی مسوڵمانەوە، ئەمە تەنها میتۆدی گەیاندنی زانیاری نەبووە، بەڵکو میتۆدێکی گرنگی پەروەرئەکردن و فێرکردنی رەوشتی جوان و راستکردنەوەی کەموکورتییەکانیش بووە.

کلیلە وشە: شارستانییەتی ئیسلامی، پەروەدە و فێرکردن، میتۆدی وانەوتنەوە، میتۆدی فێرکردنی یەکدیکە.

## پێشەکی

هەر لەدێرینەوە پەروەردە و فێرکردن، لە بابەتە گرنگەکانی نێو گەل و نەتەوە و شارستانییەتە جیاوازەکان بووە، هەریەکەیان لەپێناو بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەیان بەشێوەی جۆراوجۆر جێگای بایەخ پێدانییان بووە، لەنێو شارستانییەتی ئیسلامییشدا بابەتی پەروەردە و فێرکردن لە پڕ بایەخترین بابەتەکانی نێو کۆمەڵگە بووە، جگە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص)، کە ئاماژە و بابەتگەلێکی زۆری پەروەدەیی و فێرکردنییان تیادا خراوەتە روو، لەلایەن زانایانی مسوڵمانیشەوە چەندین پەرتووکی تایبەت بەم بوارە نوسراون، میتۆدەکانی وانەوتنەوەش کە هۆکارێکی گرنگی بەرەو پێشبردنی رەوشی پەروەردە و فێرکردنن، لەنێو شارستانییەتی ئیسلامی و لەلایەن زانایانەوە جێگای بایەخ پێدان بوون، چەندین میتۆدی جیاوازی وانەوتنەوە لە پەروەردە و فێرکردندا بەکارهێندراون، کە یەکێك لە میتۆدە گرنگەکانی وانەوتنەوەش میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان بوو، کە لەنێو شارستانییەتی ئیسلامیدا جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە، زانایان هانی فێرخوازانیانداوە

لەسەری، لەنێو پەرتوکەکانیشیاندا بە شێوازی جۆراوجۆر خستویانەتە ژێرباسکردنەوە.

لێتوێژینەوە لە میتۆدەکانی وانەوتنەوە و لەنێویشیاندا ئەو میتۆدیانەی کە تیایدا فێرخوازان ئەبنە چەقی فێرکردن گرنگە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە توێژینەوە لەسەر میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان لەلای زانایانی مسوڵمان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گرنگ و پڕ بایەخە، لەلایەکی دیکەوە مژارێکی گرنگ و پڕ باسوخواسی ئێستای نێو کۆمەڵگەکان و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بریتییە لەمژاری پەروەردە و فێرکردن، لە کوردستانیشدا بووەتە مژاری گەرمی قسە لەسەر کردن، بەتایبەت میتۆدەکانی وانەوتنەوە، کە بووەتە بابەتی پلەیەکی ناوەندەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە، یەکێکیش لەو میتۆدیانەی وانەوتنەوە پێویستکراوە لەناوەندەکانی خوێندن لە فێرکردندا بەکاربهێندرێت، میتۆدی وانەوتنەوەی فێرخوازان و فێرکردنی یەکدیکەیە، هەر بۆیە لێرەش بە پێویست زاندراوە بخرێتە بابەتی لێتوێژینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوە دراوە وەڵامی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەندیدار بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بدرێتەوە، کە بریتییە لەوەی ئایە میتۆدی فێرکردنی یەك دیکە چ کاریگەرییەکی لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی فێربوونی ئەو فێرخواز و زانستخوازانە هەیە کە ئاستیان لاوازە؟ ئەی سوودی بۆ ئەو بۆ ئەو فێرخواز و زانستخوازانە چییە کە ئاستیان بەرزە و خەریکی فێرکردنی ئەوانی دیکەن؟ ئەمە سەرەڕای وەڵامدانەوەی چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، خستنە بەرباسی میتۆدی وانەوتنەوەی یەکدیکە فێرکردنی فێرخوازانە لەنێو شارستانییەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەگەڵ تیشك خستنە سەر ئەو سوود و کاریگەرییانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی ئەم میتۆدیە لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەدەست ئەهێندرێن.

ئەو میتۆدەشی بۆ توێژینەوە لە بابەتەکە بەکارهێندراوە، میتۆدی وەسفییە، کە بەهۆیەوە بابەتەکە خراوەتە بەرباس، لە هەندێك شوێنیشدا بەشێوازی جۆراوجۆر سوود لە ژێدەری نوێ و بۆچوونی نوێ دەربارەی بابەتەکە وەرگیراوە، بۆیە لەو کاتەدا ئەو میتۆدەی بەکار هێندراوە وەکو میتۆدی بەراوردکاری دەرئەکەوێت.

پلانی توێژینەوەکەش پێشەکی و دوو تەوەرە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەخۆ ئەگرێت، تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان پێش دروستبوونی قوتابخانەکان لەنێو شارستانییەتی ئیسلامییدا، تیایدا تیشك خراوەتە سەر ئەم میتۆدی وانەوتنەوەیە پێش ئەوەی قوتابخانەکان لەنێو شارستانییەتی ئیسلامیدا سەر هەڵبدەن، لە تەوەرەی دووەمیشدا میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەکان لە نێو شارستانییەتی ئیسلامیدا خراوەتە بەرباس. دواتریش ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

بۆ نوسینی توێژینەوەکەش، سوود لە چەندین سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەری نوێ وەرگیراوە، لەنێو سەرچاوە ڕەسەنەکاندا، سەرەڕای بەکارهێنانی بەشێك لە پەرتوکەکانی پەیوەندیدار بە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) لە نمونەی (صحيح المسلم و صحيح البخاری) و هی دیکە، چەندین سەرچاوەی ڕەسەنی دیکە بەکار هاتوون، وەکو (ئەدەبی دونیا و دین)ی ماوەردی (م.لە ٤٥٠ك/١٠٥٨ز) و ژیانەوەی (زانستە ئاینییەکان)ی غەزالی (م.لە ٥٠٥ك/١١١١ز) و (اداب العالم والمتعلم)ی نەوەوی (م.لە ٦٧٦ك/١٢٧٧ز) و چەندینی دیکەش، لەنێو ژێدەرە نوێیەکانیشدا سوود لە چەندین پەرتووك بیندراوە، لە نموونەی (دیداکتیکی مامۆستا لە قۆناغی پێشخوێندنگەوە بۆ زانکۆ)ی (فایەق سەعید)، کە لە ئێستادا لە ڕووی میتۆدەکانی وانەوتنەوەوە بووەتە پەیڕە و پرۆگرام بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها سوود بیندراوە لە پەرتوکی (میتۆدەکانی وانەوتنەوە)ی ڕەمەزان حەمەدەمین و

چەندینی دیکەش.

لەگەڵ ئەوەی پێمانوایە توێژینەوەکەمان بێ کەموکورتی نییە، هیوادارین تواندرابێت لە ڕێگەی تیشکخستنەسەر میتۆدێکی گرنگی فێرکردن، خزمەتێکی بچووك بە بواری پەروەردە و فێرکردن کرابێت.

## تەوەرەی یەکەم

## میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان پێش دروستبوونی قوتابخانەکان لە نێو شارستانییەتی ئیسلامییدا

بواری پەروەردە و فێرکردن، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی دونیای ئەمڕۆ، لە رۆژهەلاتەوە بگرە تا رۆژئاوا، مژارێکی گرنگی نێو فێرکاران و توێژەران و تیۆرسێنانی بوارەکەیە، لەو نێوەندەشدا، میتۆدەکانی فێرکردنی فێرخوزان (میتۆدەکانی وانەوتنەوە)، لە بابەتە زۆر گرنگەکانی نێو کایەی پەروەردە و فێرکردنن، ئەم بابەتە بە جۆرێك جێگای بایەخپێدانە، بە گرنگترین بەشی پەروەردە و فێرکردن داندراوە، کە زۆرترین کاریگەری لەسەر فێرخواز بەجێدەهێڵێت، بیرکردنەوەی مامۆستایان و فێرخوازان بەرەو ئاڕاستەیەکی ئەرێنی ئەگۆڕێت، ئەندازەی کاریگەری میتۆدەکانی وانەوتنەوە بە دوو هێندەی کاریگەری هەموو هۆکارەکانی دیکەی فێرکردن داندراوە، کە ئەشێت کاریگەرییان لەسەر کارایی فێرخواز هەبێت، هیچ سیستمێکی پەروەردەیی و فێرکاری باش و پێشکەوتوو لە جیهاندا نادۆزیتەوە، ئەگەر میتۆدەکانی وانەوتنەوەی پانتاییەکی زۆر گەورەی تێدا داگیر نەکردبێت(١)، میتۆدەکانی وانەوتنەوەش بۆ هەر سێ لایەنی بنچینەیی پەروەردە و فێرکردن (ماموستا و فێرخواز و بابەتی خوێندن) گرنگی تایبەتییان هەیە، یارمەتی مامۆستایان ئەدات بە ئاسانی بەو ئامانجانە بگەن کە دیارییان کردوون، کاتیان بۆ ئەگەڕێنێتەوە و متمانە بەخۆبوونیان لەلا زیاد ئەکات، سەبارەت بە فێرخوازانیش سەرەڕای ئەوەی پرۆسەی تێگەیشتن ئاسان ئەکات، شارەزاش ئەبن لە میتۆدی وانەوتنەوەی مامۆستا، ئەمەش وائەکات هەست بە ئاسودەیی و خۆشی بکەن لە کاتی وانەخوێندندا، سەبارەت بە بابەتی فێربوونیش، کە ئامانجی سەرەکی پرۆسەی فێرکردنە، بە ئاسانی فێرخوازان فێر ئەبن(٢).

پێناسەی جۆراوجۆریش بۆ میتۆدەکانی وانەوتنەوە کراون، هەندێك وەها پێناسەیان کردووە کە بریتییە لە ئامرازی گواستنەوەی زانیاری لە فێرکارەوە بۆ فێرخوازان(٣)، هەروەها وەهاش پێناسە کراوە، کە بریتییە لە پرۆسەی گەیاندنی مەعریفە و زانیاری بە فێرخوازان، بەپێی پلانێکی دیاریکراو، بە سودبینین لە هۆکار و ئامرازی فێرکاری، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی و زانستی فێرخوازان لە ماوەیەکی دیاریکراودا(٤)، ئەم میتۆدیانەش زۆر و جۆراوجۆرن، هەیانە ئەکرێت بۆ وتنەوەی زۆربەی وانەکان سودی لێببیندرێت، هەشیانە تەنها ئەکرێت بۆ وتنەوەی چەند وانەیەك کەڵك و سوودی هەبێت(٥)، مەبەستیش لە میتۆدی وانەوتنەوەی فێرخوازان و فێرکردنی یەکدیکەش ئەوەیە فێرخوازێکی شارەزا لە بابەتێکدا، وانە بە یەکێکی دیکە ئەڵێتەوە کە شارەزایی لەو بابەتەدا نییە، یان شارەزاییەکی کەمتری هەیە، سێ خاڵی ئەرێنی ئەم میتۆدی وانەوتنەوەیە ئەوەیە فێرخوازان فێرئەبن، هاوکاری مامۆستاکانیان ئەکەن، لە بواری پاشمەعریفیشدا گەشە ئەکەن(٦)، ئەم میتۆدی وانەوتنەوەیەش لەنێو سەرچاوە نوێیەکاندا، بە چەندین شێوە ناودێرکراوە و لەنێو چەندین مۆدێل و میتۆدی وانەوتنەوەدا جێیکراوەتەوە، وەکو مۆدێلی گروپ و میتۆدی هاوکاری هاوتەمەنەکان و میتۆدی وانەوتنەوەی هاوتەمەنەکان و چەندینی دیکەش، بە یەکێك لە میتۆدە گرنگەکانی فێرکردنیش دائەنرێت(٧).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

وانەوتنەوەی فێرخوازان و فێرکردنی یەکدیکە، ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو فێرخوازانە متمانەیان بە خۆیان پتەوتر بێت، پەیوەندی نێوانیان خۆشتر ئەکات، ئەرکەکانی مامۆستاش کەمتر ئەکاتەوە، لە دواجاردا ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی ڕێزگرتن لە نێوانیاندا بەرزتر بێتەوە و هەراسانکردنی یەکدیکەش کەمتر بێتەوە،[٨] لە لای ڤیگۆتسکی(م. لە ١٩٣٤ز) کە یەکێکە لە تیۆرسێنە دیار و بەنێوبانگەکانی بواری پەروەردە و فێرکردنی ). سەدەی بیستەم و ئێستاش، دروستبوونی ئەم پەیوەندی و ڕێزگرتن و کارلێکەی نێوان خودی فێرخوازانیش گرنگە، بەردی بناغەیە بۆ گەشەسەندنی کارامەیی، ستراتیژی کارکردنی فێرخوازانیشە، چونکە لە دیدی ئەودا فێربوون بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی پێکەوەییە[٩]، پێشیوایە هەرکاتێك فێرخوازێکی بەتواناتر هاوکاری فێرخوازێکی دیکەی کرد، کە ئاستی لە خوارووی ئەوەوەیە، ئەوا ئەتوانێت لە بابەتێك تێبگات کە لە ئاستی خۆی بەرزترە، یان بە هۆی ئەو هاوکارییەوە چارەسەری گرفتێك بکات، پێیوایە ئەم هاوکاریکردنە کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی پڕۆسەی فێربوون خێراتر لەلای فێرخوازان بچێتە پێشەوە[١٠]، ڤیگۆتسکی تەنها باس لە فێرخوازە زیرەکەکان ناکات، بەڵکو باس لەوانەش ئەکات کە زۆر ژیر نین، بەڵام ئاستی ئەوان کەمێك لە سەرووی چەند فێرخوازێکی دیکەوەیە و ئەتوانێت وانە بە ئەوانەی خوار خۆی بڵێتەوە[١١]، تاکە مەرجیشی بۆ وانەوتنەوەی فێرخوازان و فێرکردنی یەکدیکە ئەوەیە، کە جیاوازی لە نێوان ئاستیاندا هەبێت[١٢]، پێشیوابوو بە هۆی گفتوگۆی نێوان فێرخوازان و دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا، چەندین بیروبۆچوونی جیاواز و ئەزموون لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ ئەکرێت و کاریگەری بەسەر یەکەوە بەجێئەهێڵن، کۆی ئەم پڕۆسانەش هاوکاری ئەوان ئەکەن ستراکچەرە مەعریفییەکانی خۆیان درووست بکەن و بەرەو ئاستێکی بەرزتر هەنگاو بنێن[١٣].

لەنێو شارستانییەتی ئیسلامییشدا فێرکردنی ئەوانی دیکە، جێگای بایەخپێدانی زۆر بووە، لەوبارەیەوە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر (ص) هەن، کە جەخت لەسەر ئەم میتۆدی فێرکردن و وانەوتنەوەیە ئەکەنەوە و هانی زانستخوازان ئەدەن لە فێرکردنی یەکدیکەدا درێغی نەکەن، لە فەرموودەیەکدا ئاماژە ئەکات بەوەی (هەرکەس زانستی زانی و کاری پێکرد و کەسانی دیکەی فێرکرد، ئەوە ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەکان و زەویدا بەگەورە بانگ ئەکرێت)[١٤], هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا فەرموویەتی، (فێربن و خەڵکیش فێر بکەن, چونکە پاداشتی زانا و فێرخواز یەکسانە[١٥], (جارێکیشیان پێغەمبەر (ص) لەنێو کۆمەڵێك لە هاوەڵانیدا دانیشتبوو، ئامۆژگاری ئەکردن، دواتر پێیوتن ئەوانەی لێرەن زانستەکە بگەیەنن بەوانەی کە لێرە نین)[١٦]، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە فێرخوازان لە کاتی ئامادە نەبوونی هاوپۆلەکانیان لەنێو خوێندنگە و پۆلەکانی فێرکردندا، ئەو زانیارییەی فێریبوون پێیانی بگەیەنن و فێریان بکەن, نەك هەرئەوە، بەڵکو لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا (ص)، ئاماژە بەوە کراوە، کە بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەو زانستەی فێری ئەبن بیشارنەوە، لەوبارەشەوە هەڕەشەی توندی کردووە و فەرمویەتی (ئەو کەسەی بەباشی زانستێك بزانێت و بیشارێتەوە، لە ڕۆژی دواییدا، خوای گەورە بە لغاوی ئاگر لغاوی ئەکات)[١٧], زانایانی پێشینیش لەوبارەوە وتوویانە ئەوەی زانستێك بشارێتەوە، وەکو ئەوە وایە نەزان بێت[١٨].

لەلایەکی دیکەوە لەلایەن زانایان و پەروەردەکارانی پێشینی نێو شارستانییەتی ئیسلامییەوە، ئەم میتۆدی وانەوتنەوەیە بەگرنگ زانراوە و هانی زانستخوازانیان ئەدا سەردانی یەکدیکە بکەن و ئەو زانستەی لەلایانە بۆ یەکدیکەی باس بکەن، بۆنمونە هانی فێرخوازانی زانستی فەرموودە ئەدرا، کە فەرموودە بۆ یەکدیکە بگێڕنەوە، چونکە ئەم یەکدیکە فێرکردن و گێڕانەوەی زانستە، هۆکاری زیندوو هێشتنەوە و لەبیرنەچوونەوەی زانستەکەیە، هەر لەوبارەیەشەوە وتراوە، ئەگەر گوێت لە فەرموودەیەك بوو بیگێڕەوە، تەنانەت بۆ

کەسێکیش بیگێڕەوە کە ئارەزووی بیستنی نەکات[١٩]، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە فێرخوازان کاتێك زانیارییەك ئەزانن نابێت تەنها بچن بۆ زیرەکەکان یان ئەوانەی ئەیزانن دووبارەی بکەنەوە، یان تەنها بۆ ئەوانەی دووبارە بکەنەوە کە نایزانن و داوائەکەن فێریان بکەن، بەڵکو ئەبێت لەگەڵ ئەو فێرخوازانەش هەوڵ بدەن و فێریان بکەن، کە ئاستیان لاوازە و حەزیان لە فێربوون نییە, (علی کوڕی ابی تالیب)یش یەکێك بوو لەو زانایانەی کە زۆر جەختی لەسەر میتۆدی یەکدی فێرکردن کردۆتەوە و لەو بارەوە فەرموویەتی فەرموودەکان بۆ یەکتری بخوێننەوە و تنەوەی واز لێ مەهێنن، ابن عباسیش لەوبارەوە فەرموویەتی ئەگەر فەرموودەیەکتان لە من بیست ئەوا بۆ یەکتری بخوێننەوە، أبو سعیدی خودریش ئەفەرموێت گفتوگۆ بکەن و قسە لەگەڵ یەکدیکە بکەن، چونکە قسە قسە دەهێنێت، وتراویشە باسی ئەو زانستە بکە لە لاتە، سوود وەرئەگری لەوەی لەلات نییە[٢٠], (أبو یوسف)یش (م.لە.١٨٢ك/٧٩٨ز)، یەکێکبوو لە زانستخوازان و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی فەرموودەناسان دائەنیشت، پەنجا فەرموودەی لەبەر دئەکرد، پاشان ئەچوو بۆ زانستخوازی دیکەی ئەخوێندەوە و فێری ئەکردن[٢١].

پێشەوا شافعییش، کە فێربوون و گەڕانی بەدوای زانستدا لە نوێژی سوونەت بە باشتر زانیوە[٢٢]، بۆ فێربوونی زانست و لەبیر نەچوونەوەی ئەو زانستەی فێری بووین، ئامۆژگاری زانستخوازان ئەکات لەلای کەسانی لە خۆیان زاناتر فێری زانست ببن و زانستیش فێری ئەوانە بکەن، کە لێیان زاناترن و ئاستیان لاوازترە لە خۆیان[٢٣].

بەم شێوەیە ئەبینین ئەم میتۆدی وانەوتنەوەیە یەکێکبووە لە میتۆدە گرنگەکانی وانەوتنەوە لەنێو شارستانییەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە چەندین شێواز و میتۆدی جۆراوجۆر هانی فێرخوازان و زانستخوازان دراوە، کە کەمتەرخەمی نەکەن لە فێرکردنی یەك دیکە، ماوەردی (مردووە.لە.٤٥٠ك/١٠٥٨ز) یەکێکە لە زانا بەنێوبانگەکانی شارستانییەتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هانی زانستخوازان ئەدات کە بەخیلی نەکەن بەو زانستەی لێی شارەزان و ڕێ لە کەس نەگرن بۆ وەرگرتنی، پێیوابوو ڕەزیلیکردن بەو زانستە جێی لۆمە و ستەمە، ڕێگرتنیش لێی حەسودی و تاوانە، چۆن ئەبێت ڕەزیلی پێ بکات لە کاتێکدا خۆی بە سەخی وەریگرتووە، بە بێ ئەوەی هیچی تێدا سەرف بکات[٢٤], پێشیوابوو ئەو زانستخواز و فێرخوازانەی زانستی خۆیان ئەبەخشن و خەڵکی دیکەش فێر ئەکەن، ئەوەی نەیزانیوە فێری ئەبێت و ئەوەی زانیویشیەتی دەیپارێزێت[٢٥]، واتە فێرکردنی ئەوانی دیکەی، بە هۆکاری مانەوەی زانستەکە و لەبیرنەچوونەوەی داناوە.

سەبارەت بە فێرکردنی ئەوانی دیکە، یەکێك لە زانستخوازانی پێشوو بەناوی (خالیدی کوڕی صەفوان)، گوتویەتی زیاتر بە گەیاندنی زانست بە فێرخواز دڵخۆشترم تا وەرگرتنی زانست لە مامۆستا، چونکە بەهۆی فێرکردنەوە دوو سوود بەدەست ئەهێنم، یەکێکیان پاداشتی خودا، ئەوەکەی دیکەیان زیادبوونی زانستەکەمە[٢٦], هەروەها فێرکردنی ئەوانی دیکە یەکێکە لە میتۆدەکانی چەسپینی و مانەوەی زانیاری لەلای زانستخوازان، بەبڕوای ماوەردیش هەرچەندی زانست ببەخشرێت زیاد ئەکات و گەشە ئەکات، ئەگەر بیشی شارنەوە و ڕێگربن لە بڵاوکردنەوەی کەم ئەکات[٢٧]، بەبڕوای (ابن جماعة)ش ئەبێت فێرخواز لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بە وانەکانیدا بچێتەوە، ئەگەر هاوڕێشی دەستنەکەوت، ئەبێت لەگەڵ خودی خۆیدا بە وانەکەیدا بچێتەوە و وانەکە دووبارە بکاتەوە[٢٨].

بەشێك لە زانایانیش لە کاتی باسکردنی میتۆدی وانەوتنەوەی فێرخوازان و فێرکردنی یەکدیکە، ئاماژە بە چەند مەرجێك ئەکەن، کە ئەبێت لەو فێرخوازەدا هەبێت، کە هەڵئەستێت بە فێرکردنی ئەوانی دیکە، لەوبارەیەوە ماوەردی ئاماژە بەوە ئەکات تەنها لەبەرکردنی بابەتەکە و

وتنەوەی بەس نییە، بەڵکو ئەبێت بەتەواوی لێی شارەزا بێت و لە فێرکردنی ئەوانی دیکەدا لێهاتوو بێت، بەبڕوای (العلموی)ش شارەزایی و لێهاتوویی دوو بنەمای گرنگی فێرکردنی ئەوانی دیکەن[٢٩].

وانەوتنەوەی فێرخوازان و یەکدیکە فێرکردنیان، تەنها بریتی نەبوو لەوەی فێرخوازان لە رێگەی قسەکردنەوە یەکدیکە فێر بکەن، بەڵکو هەروەك قابیسی و ابن سحنون و ابن مسکویە ئاماژەیان پێکردووە، کە فێرخوازانیش ئەبێت ئیملا (پێنوسینەوە) بە یەکتری بکەن، دواتر سەیری ئیملاکەیان بکرێتەوە لە رووی راستی و دروستییەوە[٣٠]، وە ئەم میتۆدی پێنوسینەوەیەش بەدەر نەبووە لە پرسیارکردن و گفتوگۆکردن و خستنەڕووی بیروبۆچوونەکان بۆ یەکتری[٣١]، بەبڕوای ابن سحنونیش ئەم ئەم میتۆدیە ئەبێتە مایەی چاکە و باشی ئەوان و هەندێکیان ئەبنە نموونەی ئەدەب و رەوشت و جوانی بۆ ئەوانی دیکە[٣٢].

ئەم بابەتی وانەوتنەوەی فێرخوازان و فێرکردنی یەکدیکەش، لەنێو شارستانییەتی ئیسلامییدا، تەنها لە فێرکردنی زانستەکاندا کورت هەڵنەهاتبوو، بەڵکو فێرخوازان ئامۆژگاری کراون وەکو ئاوێنە بن بۆ یەکتر، کاتێك کەموکورتییەکیان لە یەکتردا بینی، جا ئەم کەموکورتییە لەلایەنی پەروەردە و رەوشتەوە بێت یان پەیوەندیدار بێت بە لایەنی فێرکردنەوە، هەوڵی چاککردنی بدەن، هەروەك لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر (ص) ئەفەرموێت، (بڕوادار ئاوێنەی بڕوادارە، ئەگەر کەموکورتییەکی تێدا بینی چاکی ئەکات)[٣٣], لە فەرموودەیەکی دیکەشدا ئاماژەی بەوە کردووە کە (مافی مرۆڤی مسوڵمان بەسەر مسوڵمانەوە ئەوەیە ئامۆژگاری بکات کاتێك پێویستی بە ئامۆژگاری هەیە)[٣٤]، هەر بۆیە زانایانی پێشین بە پێویستیان زانیوە، فێرخوازان بەشێك لە کاتەکانیان بۆ هاوڕێکانیان تەرخان بکەن، تاوەکو تیایدا ئامۆژگاری یەکدیکە بکەن و هەڵەکان بۆ یەکدیکە راست بکەنەوە[٣٥]، بە بڕوای پێشەوا شافیعییش راستکردنەوەی هەڵەکان بۆ یەکدیکە، بەتایبەت ئەگەر کەموکورتییەك بوو پەیوەندی بەلایەنی رەوشت و پەروەردەوە هەبوو، ئەبێت بەنهێنی بێت[٣٦]، ئەو فێرخوازەش بە فێرخوازی ژیر و عاقڵمەند داندراوە، کە پرس و راوێژ بە هاوڕێیانی سەرراست ئەکات، ئەوانەی کە دڵیان پاکە و ئاوێنەی چاکە و خراپەن و لەسەر هەڵەوپەڵەیەك، کە بەگومانبردنی چاکەوە تێیکەوتووە، ئاگاداری ئەکەنەوە، چونکە ئەوان چاویان تیژترە و بیریان سەلامەتترە[٣٧].

## تەوەرەی دووەم

## میتۆدی فێرکردنی یەکدیکەی فێرخوازان دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەکان لەنێو شارستانییەتی ئیسلامییدا

دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەکانیش لە ناوەڕاستی سەدەی (٥ك/١١ز) بەدواوە لەنێو شارستانییەتی ئیسلامییدا[٣٨]، کۆمەڵێك زانا دەرکەوتن، کە بەشێکیان سەرەڕای ئەوەی لەو قوتابخانانە وانەیان ئەوتەوە، لە هەمان کاتدا لە رێگەی نوسین و بیروبۆچوونەکانیانەوە، زۆر مژاری پەیوەندیدار بە پەروەردە و فێرکردنیان خستووە ژێر باس، یەکێك لەوانیش بریتی بوو لە میتۆدەکانی وانەوتنەوە، لەنێو ئەو میتۆدیانەشدا، میتۆدی فێرکردنی ئەوانی دیکە و وانەوتنەوەی فێرخوازان بووەتە جێگای باسوخواسیان.

ئیمامی غەزالی (م.لە ٥٠٥ك/١٠٥٨ز)، کە یەکێك بوو لە نێودارترین مامۆستایانی قوتابخانەکانی نێو شارستانییەتی ئیسلامی، زۆر جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە، کە ئەبێت فێرخوازان و زانستخوازان، ئەو زانستەی فێری ئەبن، فێری ئەوانی دیکەشی بکەن، ئەو زۆر لەوە زیاتر فێرخوازان بەرامبەر یەکدیکە ئەرکدار ئەکات و پێیوابوو هەروەکو چۆن پیاوێك، کە چەند کوڕێکی هەیە، ئەبێت کوڕەکانی یەکتریان خۆشبوێت و هاوکاری یەکدیکە بکەن

لەسەر هەموو کار و مەبەستە گرنگەکان، هەروایش پێویستە لەسەر فێرخوازانی یەك مامۆستا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبێت، هەروەها پێیوابوو ئەوەی فێری زانست ئەبێت و خەڵکی دیکە فێر ئەکات، ئەوا خۆی لەخۆیدا رۆشنە و ئەوانی دیکەش رۆشن ئەکاتەوە، وەکو ئەو میسکە وایە خۆی بۆن خۆشە و ئەوانی دیکەش بۆن خۆش ئەکات(٣٩)، هەروەها پێیوابوو پێویستە لەسەر فێرخواز هەر شتێك ئەبێتە مایەی زیرەکی و پاڵ بە لەبیرچوونەوە و تەمبەڵییەوە ئەنێت بەکاریبهێنێت، هەر بۆیە ئەبێت زۆر لەلای ئاسایی بێت کەسێکی خوار خۆی و لەخۆی بچووکتر وانەی پێبڵێت و لێیەوە فێربێت و لەهەر کوێ زانست بدۆزێتەوە هەڵیبگرێت(٤٠).

الخطیب البغدادی (م.لە:٤٦٣ك/١٠٧١ز)، کە یەکێکە لە ماموستایان و فێرکاران، دوای دروستبوونی قوتابخانەکانیش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە پەروەردە و فێرکردنەوە خۆی خەریك کردووە، لە داندراوەکانیدا باسی چەند میتۆدیەکی وانەتنەوەی کردووە، کە پێویستە هەریەك لە مامۆستایان و فێرخوازان بیگرنەبەر بۆ ئەوەی فێرکردن بەرهەمێکی باشی هەبێت(٤١)، یەکێکیش لەو میتۆدیانە بریتییوو لە یەکدی فێرکردن، مشتومڕ و گفتوگۆکردنی نێوان فێرخوازانیش بە باشترین میتۆدی فێرکردنی یەکدیکە داناوە، پێیوابوو ئەبێت مامۆستایان راهێنان بە فێرخوازان بکەن و فێری شێوازی گفتوگۆ و مشتومڕکردنیان بکەن، بۆ ئەوەی رابێن لەسەر شێوازی مشتومڕ و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان، ئامانجیش لەم گفتوگۆ و مشتومڕانە خستنەڕووی بەڵگە و زانیارییەکان بوو بۆ یەکدیکە، لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بەمەبەستی گەیشتن بەڕاستی بابەتەکان(٤٢)، زانایان هێندە بە بایەخەوە قسەیان لەسەر گفتوگۆی نێوان فێرخوازان کردووە لەسەر بابەتەکان، هەتا ئەگەر فێرخوازێك کەسی دەستنەکەوت گفتوگۆی لەگەڵ بکات، با لەگەڵ خودی خۆی ئەم کارە ئەنجام بدات(٤٣).

نصیرالدین الطوسی (م.لە. ٦٧٢ك/١٢٧٤ز)، یەکێکی دیکە لەو زانایانەی سەدەکانی ناوەڕاستە، لە رێگەی داندراو نوسینەکانییەوە، گرنگی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردنداوە، پەرتوکی تایبەتی بەو بوارە نوسیوە، لە یەکێك لە پەرتوکەکانیدا بەنێوی (اداب المتعلمین)، ئامۆژگاری فێرخوازان و زانستخوازان ئەکات، کە وانەکان بە یەکدیکە بڵێنەوە و یەکدیکە فێربکەن، باشترین رێگەش بەلای ئەوەوە، میتۆدی بەیەکەوە گفتوگۆکردن و خستنەڕووی زانیارییەکانە بۆ یەکدیکە، بەڵام پێویستە بەشێوازی لەسەرەخۆ و تێرامان و سەرنجدانەوە گفتوگۆکە ئەنجام بدەن و زانیارییەکان بۆ یەکدیکە بخەنەڕوو، ئەم زانایە پێشیوایە، ئەم میتۆدی وتنەوەی وانەیە بەیەکەوە سوودی زۆر زیاترە لەوەی بەتەنها و بۆخۆت کۆشش بکەیت و بەوانەکەدا بچیتەوە، وتراویشە، خستنەڕووی یەك کاتژمێری زانیارییەکان بۆ یەکدیکە، سوودی زۆر زیاترە لە دووبارەکردنەوە و پێداچوونەوەی مانگێك بە تەنها(٤٤).

بەبڕوای ئەوەویش (م.لە:٦٧٦ك/١٢٧٧ز) پێویستە فێرخوازان لەگەڵ هاوڕێ فێرخوازەکانی دیکەیدا، کە لەلای هەمان مامۆستا ئەخوێنن کۆشش بکەن و بەوانەکاندا بچنەوە(٤٥)، بە پێویستی زانیوە کە فێرخوازان رێنیشاندەری هاوڕێکانیان بن بۆ ئەو بابەتانەی سوودێکی زۆریان هەیە، باسی گرنگی بابەتەکە و چۆنیەتی کۆششکردن بۆ یەکدیکە بکەن، چونکە بەهۆی پێدانی رێنمایی بە هاوڕێکانی، زانستەکەی بە بەرەکەت ئەبێت و دڵی رووناك ئەبێتەوە، بە باسکردنی بابەتەکانیش بۆ هاوڕێکانی لەلای خودا پاداشت وەرئەگرێت(٤٦)، هەروەها لەسەر فێرخواز بە پێویستی زانیوە، ئەو سوودەی کە بینیویەتی لە بابەتەکان بۆ فێرخوازەکانی دیکەی باس بکات(٤٧)، تەنانەت پێشەوا نەوەوی پێیوابوو ئەبێت زانستخوازان شەرم نەکەن لەوەی بۆ فێربوونی زانست و زانیاری بچنە لای یەکێك، کە لەخوار خۆیەوەتی جا لە رووی تەمەنەوە بێت یان ناوبانگ، یان هەرکەسێکی دیکە، تەنانەت زانایانی پێشین سوودیان لە فێرخوازەکانی خۆشیان وەرگرتووە(٤٨).

ئەم میتۆدی وانەوتنەوە و یەکدی فێرکردنە، لەلای زانایانی پێشوو هێندە گرنگبووە، کە سوودی یەك کاتژمێر گفتوگۆکردن و ئاخاوتنی فێرخوازانیان بەیەکەوە و یەکدیکە فێرکردن لەو میتۆدیەوە، بە باشتر و شیاوتر زانیوە لە بەرێکردنی یەك مانگی تەواو لە بەتەنها لەبەرکردن و دووبارەکردنەوەی بابەتەکان، هەربۆیە زانایانی پێشین لەنمونەی ئەوانیش ئیبن خەلدون، زۆر هانی فێرخوازانیان ئەدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکدیکە و لەگەڵ مامۆستایانیش لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، هەروەها بە باشترین میتۆدی داناوە بۆ کرانەوەی زمان، پێیوابووە گفتوگۆ وا لە فێرخوازان ئەکات کە لە بەدەستهێنانی مەبەست و ئامانجەکان نزیك ببنەوە، پشتگوێخستنی ئەم میتۆدی فێرکردنەی بە هۆکاری چەقبەستوویی رۆشنبیریی داناوە، بەشێکی دیکەش ئاماژە بەوە ئەکەن، کە گفتوگۆ و ئاخاوتن، دەرفەت بۆ فێرخوازان ئەرەخسێنێت تا بە هەموو هێز و توانایانەوە بەشداری لە کردەی فێربوون بکەن، پەلکێشیان ئەکات بەرەو توانا و کارامەییەك کە خۆی ئەبینێتەوە لە توانای رەخنەگرتن و بیرکردنەوە و دەربڕین و متمانە بەخۆبوون[٤٩]، بەبڕوای الزرنوجیش (م.لە:٥٧٠ك/١١٩٥ز)، لەسەر فێرخوازانی زانست بۆ دەرخستن و بەدەستهێنانی راستی و دروستی دەربارەی بابەتەکان، پێویستە ئەو زانستەی لەلایانە بۆ یەکدیکەی بخەنەڕوو و گفتوگۆی لەسەر بکەن و بۆ یەکدیکەی باس بکەن، ئەبێت ئەم باسکردنی بابەتەش بۆ یەکدیکە بەشێوازێکی نەرمونیان بێت و دوور بێت لە توڕەیی و رقەبەرایەتی[٥٠].

